هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە،
حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات،
ژمارە نۆبەرەی لە ١-٧-٢٠٠٠ دەرچووە

# گەلی رۆژی
Rojî Gel

ژمارە (٢١٢) یەکشەممە ٢٠-٧- ٢٠٠٨

## ئەمریکا خنکاندنی فریودەر بەسەر گیراوەکان بەرێوە دەبات

جۆن ئەشکرۆفت، وەزیری پێشووی دادی ئەمریکا ئاشکرای کردووە کە خنکاندنی فریودەرانە بەسەر گیراوەکاندا بەرێوەچووە. ناوبراو دەڵێ: ' لە پێناو وەرگرتنی زانیارییەکان شێوازی خنکاندنی فریودەرانە پێرۆکراوە، هەرچەندە جێگەی گفتوگۆیە، بەڵام لە بەرژەوەندی ئامانجە زۆر گرنگەکاندا بووە.

ل3 نزیک بوونەوەی ئێران و ئەمریکا، ئیسرائیل دەترسێنێ
ل4 خزمەتگوزاری کۆمپانیاکانی تەلەفۆن و ئینتەرنێت
ل5 کۆیلەفرۆشیی لەناو دڵی ئوروپادا
ل6 بێ ئەزموونی لە کاری رۆژنامەوانیدا
ل7 لەنێوان ئاوازی خۆماڵی و بیانیدا

# به هەڵۆیستی کوردستانیانه پیلانی رەگەزپەرستان هەرەس دەهێنێ

هەندێک لیستی و ئەندامی پەرلەمانی عێراق بۆ دروستکردنی گرفت و ئاریش لەسەر رێگەی چارەسەرکردنی کێشەی پارێزگای کەرکوک پەنا بۆ فێڵی یاسایی دەبەن و دەیانەوێ پارێزگای کەرکوک بۆ چوار بازنەی هەڵبژاردن دابەش بکەن و ئەمەش بە یاسا تێپەڕی بکەن.

چوار بازنەیی لە هەڵبژاردنی کەرکوک نەک هەر کێشەی کەرکوک چارەسەرناکات و پێناسەی کوردستانیبوون بۆ کەرکوک ناگێرێتەوە، بەڵکو بۆ یەکجارەکی بە عێراقی گرێدەداتەوە. ئەگەر رێژەی ٣٢% بۆ عەرەب، رێژەی ٣٢% بۆ تورکمان واتای ئەوەیە کە ئەوان ٦٤% دەنگەکانی ئەنجومەنی پارێزگا مسۆگەر دەکەن و دەشتوانن رێگە لە گێڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان بگرن، بەڵام ئەگەر پارێزگای کەرکوک وەک بازنەیەکی هەڵبژاردن بمێنێتەوە، ئیدی لە کوردستانیان دەنگی زۆرینە مسۆگەر دەکەن و پێناسەی دزراوی کەرکوک وەدەست دەهێننەوە، بەوهۆیەشەوە کەرکوک بۆ سەر باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە، بەڵام بە هەڵوێستی ئەندامە کوردەکانی ناو پەرلەمانی عێراق، بە یەکگرتوویی ریزەکانی هێزو لایەنەسیاسیەکان و جەماوەری کوردستان ئەو پیلانەی رەگەزپەرستان هەرەسی پێدەهێنرێ و ناکام دەمێنێتەوە.

بەرخۆدان و تێکۆشانی بزاڤی باشووری کوردستان بۆ رزگاری نیشمان بە مرۆڤ و خاکەوە درێژەی پێدراوە، ئیدی ناکرێ لەم سەردەمەدا چاو لە پێناسەی پارێزگای کەرکوک بپۆشێ و دەستی لێهەڵبگرێ. بەحوکمی مێژوو هیچ سەرکردەو حزبێک ناتوانێ چاو لە کوردستانیبوونی کەرکوک بپۆشێ، هەر بە حکومی مێژووش بۆ باوەشی کوردستان دەگەڕێتەوە.

## بۆ دەزگەکانی راگەیاندن و کوردستانیانی هێژا

دوێنێ ١٧-٧-٢٠٠٨ هەواڵی بانگکردنی من بۆ بنکەی پۆلیس بە شێوازی جۆراوجۆر بڵاوکراوەتەوە، لە پێوەند بەو هەواڵە بە پێویستی دەزانم روونی بکەمەوە کە بانگکردنەکە لەسەر سکاڵای کەسێک بە ناوی فەهمی محەمەد حەسەن بوو کە لەبنکەی پۆلیس خۆی وەک سکرتێری حزبی رزگاریی کوردستان ناساندبوو، بەوەش تۆمەتباری کردبووم کە گوایە هەڕەشەی کوشتنم لێیکردووە، بەڵام کاتێک چوومە بنکەی پۆلیس و خۆم ناساند، سکاڵاکە پووچەڵ کرایەوەو دەرکەوت کە سکاڵاکەر راستی نە گوتووە و لە ناساندنی خۆی فێڵی کردووە.

دوێنێ ١٧ی تەمموز کاتێک لە شاری سلێمانی لە مەکتەبی پێوەندیەکانی نیشتمانی یەکێتیی نیشمانیی کوردستان لەگەڵ بەرێزێک هاتمە دەرێ، دوو پۆلیس لەبەردەم ئۆتۆمبێلەکە راوەستابوون و چاوەڕوانی ئێمەیان دەکرد، زۆر بەرێزەوە داوایان لێکردین کە بۆ چەند پرسیارێک بچینە بنکەی پۆلیسی رزگاری، ئێمەش زۆر بە ئاساییمان وەرگرت، لەوێش خۆمان ناساند، پۆلیس و ئەفسەرەکانی ئەوێش زۆر رێزیان لێگرتین و زۆر سەردەمیانەو شارستانیانە رەفتاریان لەگەڵدا کردین، هیواداریین کە نموونەیان زۆر بێ. کاتێک دەرکەوت کە سکاڵاکەر راستی نەگوتووەو تۆمەتی نارەوای هەڵبەستووە، بە رێزەوە بەرێی کردین، بەڵام من بریارم داوە کە بچمە بەردەم دادوەرو راستیەکانی بۆ بخەمە روو، چونکە بەڵگەی ئاشکرام لەبەردەست دایە کە هەرگیز هەرەشەم لەو کەسە نەکردووە.

لە بڵاوبوونەوەی بەپەلەی ئەو هەواڵە بۆم دەرکەوت کە کۆدیتاچیان بەمەبەستی چەواشەکردنی هەڤاڵانی حزبی رزگاریی کوردستان و رای گشتی ئەو سکاڵایەیان تۆمار کردووە، لەلایەکەوە وەک تاکە کەس سکاڵا تۆمارکراوە، لەلایەکی دیکەشەوە بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە حکومەتی هەرێم و لایەنی پەیوەندیدار سکاڵایان لە دژدا تۆمارکردووم!! بەڵام بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ، راستیەکان ئاشکرا دەبن. بەوهۆیەوە جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەمەوە کە دوایین بریار بۆ دادگەیە، لەپێوەند بەو تۆمەتانەی کەبەمەبەستی ناوزڕاندنیش بڵاوکراونەتەوە داوای مافی خۆم دەکەم.

**رێکار ئەحمەد**
**سکرتێری گشتی**
**حزبی رزگاریی کوردستان**
**١٨-٧-٢٠٠٨**

## مانگی داهاتوو کێشەی کارەبا گەورەتر دەبێتەوە

دوای ئەوەی لەسەر گوشارو داخوازی خەڵکی دەڤەری گەرمیان، بریاردرا کە بەشە کارەبای دەڤەرەکە زیاد بکرێ، گوشارێکی گەورەتر لەسەر تۆڕەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە بەنداوەکاندا دروست بوو، لەم بارەیەوە سەرچاوەیەک لە کارەبای دەربەندیخانەوە ئاشکرای کردووە کە ئێستا گوشارێکی زۆرتر لەسەر بەنداوی دەربەندیخاندا هەیە، هەم رێژەی بەردانەوەی ئاو زیادی کردووە، هەمیش بەشە کارەبا بەرزتر بۆتەوە، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کە لەمانگی داهاتوودا نەتوانرێ بەشە کارەبای پێویست دابین بکرێ، چونکە ئەگەر وەک ئێستا کاری پێبکرێ، ئاستی ئاوەکە بەرێژەیەکی بەرچاو دادەبەزێ، بەوهۆیەشەوە بەرهەمهێنانی کارەبا دەوەستێ و زیانی راستەوخۆ بە خزمەتگوزاریەکان دەگەیەنێ.

هەرچەندە کە سالی رابردوو بەرپرسانی کوردستان بەڵێنیان بە خەڵک دابوو کە ساڵی ٢٠٠٨ کێشەی کارەبا چارەسەر دەبێ، بەڵام ئێستا لایەنی پەیوەندیدار دڵنیابووە کە ئەم ساڵەش کێشەی کارەبا یەکلایی نابێتەوە و گەورەتر دەبێتەوە. گەورەبوونەوەی کێشەی کارەبا لەوانەیە نارەزایەتی و خۆپێشاندان و رێپێوانی لێ بکەوێتەوە، بۆیە حکومەتی هەرێم هەوڵ دەدات بەپەلە ئەو کێشەیە چارەسەر بکات.

## ئۆباما سەردانی عێراق دەکا

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کردووە کە بریاروایە رۆژی دووشەمە ٢١-٧-٢٠٠٨ باراک ئۆباما کاندیدای دیموکراتیخوازەکان بۆ پۆستی سەرکۆماری وڵاتە یەگرتووەکانی ئەمریکا سەردانی بەغداد دەکات و لەنزیکەوە لەگەڵ سەربازانی وڵاتەکەی کۆدەبێتەوە.

سەرچاوەکانی هەواڵ و چاودێران پێشبینی ئەوە دەکەن کە باراک ئۆباما لەگەڵ سەرۆک تاڵەبانی سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ و نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق کۆببێتەوە، بەڵام تا ئێستا خشتەی دیدارەکەی ئۆباما ئاشکرا نەکراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بەردەوام جەخت لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق دەکات، گریمانی بەهێز ئەوەیە لە دەستپێکدا چاوی بە سەربازەکان بکەوێ و بەڵێنی گێڕانەوەیان بۆ وڵاتەکەی پێ بگەیەنێ، بەوهۆیەشەوە دەتوانێ دڵی سەربازەکان خۆش بکات و سەرنجیان بەلای خۆیەوە رابکێشێ.

## سێ ئەڵمانیەکە ئازاد دەکرێن و ئەڵمانیاش خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕی

دوای ئەوەی لە ماوەی رابردوو گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ژمارەیەک گەرۆکیان لە باکوری کوردستان دەستگیرکرد، پاشان ٣ ئەڵمانی گل درانەوەو ئەوانەی دیکە ئازاد کران، ئەمەش گرژی و ئاڵۆزی زیاتری لەنێوان پەیوەندی ئەڵمانیا و پەکەکەدا دروست کرد، سەرەتا سێ ئەڵمانیەکە وەکو رفێندراو، دواتر وەکو میوان، پاشان راگەیەندرا کە بە ئارەزووی خۆیان بوونەتە گەریلا، بەڵام سەرەنجام هەرسێ ئەڵمانیەکە بەسەرپەرشتی مافی مرۆڤی تورکیا ئازادکران و پەیامێکیش بۆ دەوڵەتی ئەڵمانیا رەوانە کرا.

سەرچاوەکانی هەواڵ ئازادکردنی ئەو سێ بارمتەیان بە گرنگ دانا، کەناڵی دۆیچە ڤێللەی ئەڵمانیا هەواڵی ئازادکردنی سێ بارمتەکەی سەر راست کردەوە، هەروەها **فرانک ڤاڵتەر شتاینمەر** وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا لێدوانێکی داو خۆشحاڵی خۆی بۆ ئازادکردنی سێ ئەڵمانیەکە راگەیاند، ئاشکراشی کرد کە رەوشی لەشساغیان زۆر باشە و هیچ کێشەیەکی تەندروستی و دەروونیان نیەو بە زووترین کات بۆ ئەڵمانیا دەگەڕێنەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە عەلی باباجان وەزیری دەرەوەی تورکیا بەتەلەفۆن پێوەندی بە هاوتا ئەڵمانیەکەی کردبوو، هەواڵی ئازادبوونی سێ بارمتەکەی پێراگەیاندبوو. جێگەی ئاماژەیە کە ٨ی تەمموز سێ گەشتیاری ئەڵمانی لەسەر چیای ئارارات لەلایەن گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە بە بارمتە گیرابوون.




## رۆژەڤ

لەوەتەی حزبی رزگاریی کوردستان لە ١٥-٨-١٩٩٣ەوە راگەیەندراوە، دووچاری کێشەو گرفتی جۆراوجۆر کراوەتەوە، کۆسپ و تەگەرەی لەبەردەم قوتکراوەتەوە، بەڵام چونکە خاوەن رامان و هەڵوێستی خۆی بووە، سەربەرزانە درێژەی بە تێکۆشان داوەو بەرەوپێشەوە هەنگاوی هەڵگرتۆتەوە.

لەسەردەمی شەڕی نێوەخۆدا، حزبی رزگاری پارێزگاری لە هەڵوێست و رامانی خۆی کردو دوورە پەرێزی لە سەنگەری شەڕی نێوەخۆدا کرد، بەوهۆیەشەوە هەوڵدرا هەڵویستەکانی پێچەوانە پێشانی کوردستانیان بدرێ، بەڵام بە پێداگرتن لەسەر پاراستنی سەروەری و بڕیاری سیاسی شانازێکی گەورەی بۆ خۆی و نەتەوەکەی مسۆگەرکرد، لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەماندا وەک ئەزموونێکی بەرچاو تۆمارکرا، کەچی دیسانیشەوە ئەمە بەبێ باجدان وەدەست نەهاتووە، چونکە لە ریزی هەموو حزبە سیاسیەکاندا کەسانێک هەڵدەکەون کە بەدوای بەرژەوەندی خۆیانەوە رادەکەن و پشت لە بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمان دەکەن. حزبی رزگاریی کوردستانیش لەوە بەدەر نەبووە، لە قۆناغە جیاجیاکاندا هەندێک کەس هاتوونەتە ریزەکانی، جا چ ئارەزوومەندانە هاتبن، یان راسپێردرابن، دوایی هەڵگەڕاونەتەوەو ویستوویانە گورز لە رێڕەوی بەرەوپێشەوەچوونی بدەن. لە رۆژانی رابردووشدا هەمان سیناریۆ دووپات بۆوە، ئەندامانی حزب و سەربەخۆخوازان و کوردستانیانی وڵاتپارێز بە نیگەرانیەوە لەو هەواڵ و دەنگۆیانەیان روانی کە سەبارەت بە حزبی رزگایی کوردستان بڵاوکرانەوە. ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ لەکەدارکردنی ناوبانگی ئەو تێکۆشەرە دێرینانەیە کە لێبڕاوانە لە ریزەکانی حزبی رزگاریی کوردستاندا درێژەیان بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان داوەو پارێزگارییان لە بیروباوەڕو بۆچوونی سیاسی و وڵاتپارێزی خۆیان کردووە، هەڵبەت ئەمەش وەکو دەردێکی کوشندە کۆمەڵگەی کوردەواری گرتۆتەوە، لەجیاتی رێز لە خەبات و ماندووبوونی تێکۆشەرانی دێرین، بەتایبەتیش ئەوانەی کە نەیانویستووەو نایانەوێ سەنگەرگۆڕی بکەن و دەست لە بیروباوەڕی خۆیان هەڵبگرن، بگیرێ، کەچی لەخۆڕاوە هەوڵی ناوزڕاندنیان دەدرێ. ئەو هەواڵ و دەنگۆیانەی کە ئەمرۆش دژ بە سەرکردایەتی راستین و ئەندامی دامەزرێنەری رزگاری بڵاو دەکرێنەوە، سەرچاوەی لەو دیاردەیە گرتووەو ئامانجیش ناوزڕاندن کەسایەتی و شێواندنی خەباتی ئەو تێکۆشەرانەیە کە هەموو تەمەنی خۆیان بۆ راژەکردنی گەل و نیشتمان تەرخانکردووەو بۆ سەرخستنی دۆزی رەوای گەل و نیشتمان تێکۆشاون. ئێمە دڵنیایین کە ئەو تۆزوبایەش کۆتا دەبێ و راستیەکان بۆ کوردستانیان و وڵاتپارێزان ئاشکرا دەبن، حزبی رزگاریش، وەک هەمیشە رزگار و سەربەخۆ دەمێنێتەوە.

## عەرەب لە بڕیاری دادگەی نێودەوڵەتی نیگەران دەبن

دوای ئەوەی لویس مۆرینۆ ئۆکامبۆ دادپرسی دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی بڕیاری دەستگیرکردنی عومەر بەشیری راگەیاند، وڵاتانی عەرەب تەنگەتاو بوون و ئەو بڕیارەیان بە نارەوان لەقەڵەم دا.

دوێنێ شەممە وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی لە قاهیرەی پێتەختی وڵاتی میسردا بۆ ماوەی حەوت کاتژمێر کۆبوونەوەو سەبارەت بەو بڕیارەی دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی کە دژ بە سەرۆکی سودان داویەتی، مشتومڕیان کرد، ئەوان پێیانوابوو کە دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی ئەو دەستەڵاتەی نیە کە بڕیاری گرتنی سەرۆکی وڵاتێک دەربکات و ئەو کێشەیەش راستەوخۆ پێوەندی بە دادگەی وڵاتی سودانەوە هەیە.

وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی خوازیاربوون تۆمەتبارانی تاوانەکانی مرۆڤکوژی لە هەرێمی دارفۆر یان لە دادگەی وڵاتی سودان یان لەلایەن کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی یان لەلایەن یەکێتی ئەفریقاوە یەکلایی بکرێتەوە.

سەربارەت بەو کێشەیە عەمرۆ موسا ئەمینداری کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی رایگەیاندووە کە لە زووترین دەرفەتدا سەردانی سودان دەکات و لەگەڵ عومەر بەشیر، سەرکۆماری ئەو وڵاتە کێشەکە تاوتوێ دەکات، بەڵام ئەو هیواخواز بوو کە دادگەی تاوانی سودان هەنگاوی کردەیی هەڵبگرێتەوەو بڕیاری دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی پوچەڵ بکاتەوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com